# وەڵامێک بۆ ( مەحمود سەنگاوی)

**هیدایەت مەلا عەلی**

( مەحمود سەنگاوی ) ئەندامی سەرکردایەتی ( ی ، ن ، ک ) و نوێنەری ( تاڵەبانی ) لە فەرماندیی گشتی ، لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت ( لاوەکانی ئێمە دەیانەوێ هەموو بەیانییەک لە خەو هەڵسان پارە و کچی جوانیان بۆ بەریت تەسلیمیان بکەیت بەبێ ئەوەی لە شوێنی جێگەکەیان دەرچووبن ) سەرچاوە ( ئاوێنە ) ژمارە ( 125 ) ( سێ شەممە ) ڕێکەوتی ( 10 / 6 / 2008 ) لاپەڕە ( 3 ) . دیارە قسەکانی ( سەنگاوی ) لەسەر لاوانی کوردوستان بەرئەنجامی ئەو نارەزایەتیە بەردەوامەیە کە لاوان ڕۆژانە لەسەر گرفتەکانی ژیانیان ڕووبەڕوی دەسەلاتدارانی کوردوستانی دەکەنەو ، ( سەنگاوی) ئارەزومەندانە ئەیەوێت داواکارییەکانی لاوان بشێوێنێت و بەشێوەیەک لە سووکایەتی و ئیهانەوە گوزارشی لێوە بکات ، ئەڵبەت هەمووومان ئاگاداری ئەوەین کە لاوانی کوردوستان وەک تووێژێکی مەحروم و پشتگوێ خراو لەلایەن دەسەلاتدارانەوە بەردەوام نارەزایەتیان کردوەو ماف و داواکارییەکانیان بەرز کردۆتەوە ، لاوانی کوردوستان کە ئەکرا کاراترین تووێژی کۆمەڵگای کوردوستانبن بۆ پێشخستن و گەشە پێکردنی کۆمەڵگا وەک بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگاکانی دنیا ، بەلاَم بەپێچەوانەوە ئەم توێژە لە کوردوستان لە سێبەری ئەم دەسەلاتەدا بوونەتە مەحرومترین تووێژو دەورو نەخشیان لەسەر کۆمەڵگاکەیان لە بەرنامەو پرۆژەی دەسەلاتدا یەکسان کراوە بە هیچ ، لاوانی کوردوستان بەم ژیانە ڕازینین ، ئەم ژیانە وەلاَم بە سەرەتایترین پێداویستی و داواکارییە ڕۆژانەکانیان ناداتەوە ، بۆیە دەبێت نارەزاییەتی بکەن بە ڕووی ئەو دەسەلاتەی هەموو داهاتی کۆمەڵگای لە ژێر دەستی خۆی کۆکردۆتەوە ، دەسەلاتداران هەمیشە هەوڵ دەدەن لاوان تاوانبار بکەن و داواکارییەکانیان بشێوێنن و پێیان بڵێن ناحەقتان نیە دەسەلاتی ( بەعس) تان نەبینیوە ، ( سەنگاوی ) زۆر بە وریاییەوە ئەیەوێت داواکارییەک بشێوێنێت کە خواستی ڕۆژانەی لاوانی کوردوستانە ( مافی ژیان ، مافی نیشتەجێبوون ، مافی هاوسەرگیری ، مافی دەستگەشتن بەکاری گونجاو ) ، ئەکرێ ( سەنگاوی ) پێمان بڵێت لەکوێ لاوان ئەو خواستەیان بەرز کردۆتەوە وەک ئەوەی بەرێزیان دەیڵێن ؟ ئەکرێت ( سەنگاوی ) پێمان بڵێت لەکوێی دنیا بەرپرسان بەوشێوەیەو بەو ئاشکراییە سووکاییەتی بەبەشێکی زۆر لە پێکهاتەی کۆمەڵگاکەی دەکات لە کوردوستان نەبێت ؟ ئەگەر لە دیدو بۆچوونی ( سەنگاوی ) دا لاوان تەنها ئامرازێکن بۆ گەرم کردنی جەنگەکان و بەنزینێکن بۆ بەرز کردنەوەی کڵپەی ئاگری بەرژەوەندییەکانی ئەوان ، ئەوا ( سەنگاوی ) هەڵەیەکی کوشندە دەکات ، لاوانی کوردوستان ئەزموونێکی زۆر بەنرخیان لە ( 17 ) ساڵ دەسەلاتی ئێوە وەرگرتووە کە نووکە دەرزیەکی تێدا نەبوو بۆ ئەوان ، لاوانی کوردوستان هەمیشە دەبینن کە چۆن ( سەنگاوی ) و دەسەلاتەکەیان ڕۆژانە ( سەدان هەزار دۆلار ) بۆ ڤیستیڤاڵی ( عێل ) و ( عەشرەت ) و ( تایفە ) سەرف دەکەن ، ( سەنگاوی ) ئەو ژیانە شاهانەیە کە بە خۆیی و هاوبەرژەوەندییەکانی ڕەوا دەبینێت ، با هیچ نەبێت ( تەپوو تۆزی ) ئەو ژیانە بەحەقی لاوان بزانێت و سووکایەتیان پێنەکات ، ( سەنگاوی ) ئەیەوێت لاوانی کوردوستان بە ئیشنەکەرو تەمەڵ لە قەڵەم بدات ، بۆیە( دەڵێت هەر کچی جوانیان دەوێت و دەیانەوێت هەر لەناو جێگاکەشیاندابن ) ئەم جۆرە قسانە بۆ خەڵکی کوردوستان و بۆ لاوانیش شتێکی زۆر تازە نیە ، زۆر نیە ( سەرۆکی حکومەتەکەی سەنگاوی ) خەڵکی کوردوستانی بەتەمەڵ ناوزەند کرد ، ئەم قسانە خەڵک تێربوون لە بۆنەکەی ، دیاردەی بێکاری دیاردەیەکی جیهانییەو ئەزمەیەکە نیزامی چینایەتی بەرپرسیارە لێی نەک لاوان ، پاساودانی ئەو

ئەزمەیە یان کێشانی بەشانی لاوان و خەڵکیدا هەوڵێکی بێ بەرهەمە ، ( سەنگاوی ) پێش ئەوەی قسە لەسەر لاوان بکات باشتروایە چاوێک بە سیستەمی ئابوری ( حکومەت و دەسەلآتەکەیاندا ) بخشێنیت بزانێ لەکوێی ئەم جیهانە( 85% ) بەرهەم هێنان لە شارێکدا کۆدەکرێتەوە لای ئێوە نەبێت ، لە کوێی جیهان ( مامۆستا دەکرێت بە پۆلیس و دەرچووی پەیمانگای تەندروستی لە پرسگە دادەنرێت ) ، من دڵنیام کە ( سەنگاوی ) ئاگاداره بەشێکی زۆر لە وڵاتە ئەوروپیەکان خەریکی گێڕانەوەی ئەو پەنابەرانەن کە تاکو ئێستا مافی پەنابەریان وەرنەگرتووە ، بەشێکی زۆر لەو پەنابەرانە ( لاوانن ) ، ئەم پەنابەرانە ڕۆژانە لەبەرگری کردنێکی زۆر سەرسەختانەدان لەگەڵ ( پۆلیس ویاسای) ئەو وڵاتانە بۆ نەگەڕانەوەیان بۆ کوردوستان ، حەز ئەکەم ئەوە بە ( سەنگاوی ) بڵێم هەوڵدان بۆ نەگەڕانەوە لە لایەن ئەو پەنابەرو ( لاوانەوە ) تەنها مەبەست ئەوە نیە کە ( ئەوروپا ) خۆشە ، بەڵکو بەشێکیشی ئەوەیە کە ئەو خەڵکە نایانەوێت بێنەوە ژێر دەستی دەسەلآتەکەی ئێوە ، سەرسووڕمان لە چاوپێکەوتنەکەی ( سەنگاوی ) دا تەنها ئەوە نیە کە ئیهانە بە لاوانی کوردوستان دەکات ، بەڵکو ( بانێکەو دوو هەوا ) ئەگەر لە هیچ جێگایەک ، وەک پەندێک نەتوانین بەکاری بهێنین ئەوا ئەم چاوپێکەوتنە ( 100%) پڕ پێستیەتی و جێگایەکی زۆر شیاوە ، ( سەنگاوی ) هێرش دەکاتە سەر ( لاوانی ) کوردوستان بەڵام زۆر بەڕوویەکی قایمەوە بەرگری لە کۆنە ( ئەفسەرانی سوپای بەعس ) و (بەرپرسانی دەوڵەمەندی ئێستای کوردوستان ) دەکات ، ( سەنگاوی ) سەبارەت بەو ئەفسەرەی کە تاساڵی ( 2003 ) لە سوپاکەی ڕژێمی ( بەعسدا ) بووەو ئێستا دەبێتە بەرپرسی ( فیرقەیەکی ) ئەوان و پلەکەی ( لیوا ڕوکنە ) بەرگری دەکات و دەڵێت ( لەڕووی ئینتماوە بەعسی نەبووە ) ئەوە یەکەم جار نیە دەسەلآتدارانی کوردوستان بەرگری لە تاوانبارانی ( بەعس ) بکەن ، بە پەپوولە کردنی ( نزار خەزرەجی ) و پلەو پایەیی گەورە بۆ ( وەفیق سامەڕائی ) چی لە هەگبەی ئێوەدا هێشتۆتەوە کاک ( سەنگاوی ) ، پاشان ( سەنگاوی ) سەبارەت بە سەروەت و سامانی بێشومارو لەبن نەهاتووی بەرپرسان دەڵێت ( بەرپرسانێک هەن کە بۆ خۆیان کاسبی دەکەن ، من بۆ خۆم لێی نازانم ، ئەگینا خەڵکێکی زۆر هەیە کاسبی دەکەن ) سەیرکەن ( سەنگاوی ) چۆن بەرگری لەو بەرپرسانە دەکات کە دەستیان بەسەر پاروی دەمی خەڵک و شیری منداڵاندا گرتووە ، من لە ( سەنگاوی ) ئەپرسم کام کاسبی ؟ کێ ئەم بەرپرسانەی بینی لە مەیدانی کاردا ؟ کورسی نەعناو نوقڵی ترش و شیرینیان فرۆشت ، چاوەکەم ( سەنگاوی ) ئەمانە هەموویان داهات و مووقەدەراتی خەڵکیان لەبەردەستدایەو بەئارەزوی خۆیان و بۆ بەرژەوەندی خۆیان سەرمایەگوزاری پێوە دەکەن ، کۆشک و تەلار دروست دەکەن ، پرۆژەو بەرهەرم هێنان بەڕێدەخەن ، بانقەکان پڕ دەکەن و ژیانی شاهانە بۆ خۆیان فەراهەم دەکەن . تەنها ڕێگاچارە ئەوەیە لاوانی کوردوستان ڕیزەکانیان ڕێکبخەن و داواکارییەکانیان بەسەر دەسەلآتدارانی کوردوستاندا بسەپێنن .

hidayat_malaali@yahoo.com

2008/ 6 / 13